# سبحان الله، ئیماندار هەرگیز پیس نابێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی گەیشت لە ڕێگایەکی شاری مەدینەدا ولەکاتێکدا ئەبو هورەیرە تووشی لەشگرانی ببو، ئەبو هورەیرە خۆی لە سەروەرمان شاردەوە، وچوو خۆی شۆرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری سەبارەتی کرد، کاتێك هات؛ فەرمووی: «لە کوێ بوویت ئەی ئەبو هورەیرە؟»، ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لەشم گران بوو وحەزم نەکرد لە خزمەتتدا دابنیشم هەتاوەکو خۆم دەشۆم، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سبحان الله، ئیماندار هەرگیز پیس نابێت».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی بە ئەبی هورەیرە کەوت -ڕەزای خوای لێبێت- لە ڕێگایەکی شاری مەدینەدا، لەکاتێکدا ئەبو هورەیرە لەشگران بوو، وەکو بەگەورەدانانێك بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەبو هورەیرە حەزی نەکرد لەلای دابینشێت وقسەی لەگەڵدا بکات چونکە لەسەر ئەو حاڵەتەیە وپێی وابوو لاشەی پیسە، بۆیە بە نهێنی چوو خۆی شۆرد وگەڕایەوە، پاشان هات ودانیشت لەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش پرسیای لێیکرد کە بۆ کوێ چوو؟ ئەبو هورەیرەیش حاڵی خۆی بۆ باسکرد کە حەزی نەکردووە لەگەڵی دابنیشێت لەکاتێکدا لاشەی پیسە بەهۆی لەشگرانیەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بە لاوە سەیر بوو، وپێی فەرموو: ئیماندار لە هەموو حاڵەتێکدا پاکە وهەرگیز پیس نابێت؛ زیندوو یان مردوو بێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3076

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee